# میدیای ئازاد، میدیای هەموو کەس؟!

## تێبینییەکی کورت لەسەر وتاری کاک خالیدی محەمەدزادە لە ژێر سەردێڕی "میدیای ئازادو چاوەڕوانیە ئایدئۆلۆژییەکان (2)"

**ناسر ئێرانپوور**

---

پێم وانیە کە لە جیهاندا مێدیایەک هەبێ کە هەموو بیر و بۆچوونیک بڵاو بکاتەوە. هەر مێدیایەک چوارچێوەیەکی هەیە. تەنیا لەم چوارچێوەیدا بیروڕای جیاواز بڵاو دەکاتەوە. ئەم چوارچێوەیە لە هەموو وڵاتانی دنیا هەیە، بەڵام بەرینایی لە وڵاتانی دێمۆکراتیک و نادێمۆکراتیکدا جیاوازە. کەوایە لە وڵاتانی پێشکەوتووش سنوریک بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکان هەیە. بۆ وێنە ئەمن ناتوانم وتارێک بنووسم و تەیدا زۆر بەڕێز و حورمەتەوە بڵێم کە بە بڕوای من فلان نەتەوە نابێ لەسەر عەرز بمێنێ، مرۆڤی بیانی دەبێ لەم وڵاتە برۆن، ژن نیوەی پیاون، هەرکەس وەک حکومەت بیرنەکاتەوە دەبێ لەبەین بردرێ و هەر کەس دینی خۆی گۆڕی دەبێ وەک "مورتەد" حوکمی قەتڵی بدرێ، دین لە دەوڵەت جیا نیە و دێمۆکراسی و فێدرالیسم ئەشێ لابچێ و ...

ئەم شتانە نەتەنیا بڵاو نابنەوە، بەڵکوو لەوانەیە لە گەڵ پارێزەری گشتی و مەحکەمەش گرفتم بۆ ساز بکەن. بە کورتی: <u>هیچ بیروباوەڕێکی نادێمۆکراتیک لە مێدیایەکی دێمۆکراتیک بڵاو نابێتەوە.</u> لەم وڵاتەی کە من لەی دەژیم (ئاڵمان) چەند حیزبی فاشیستیشی تێدایە کە لە چەند هەزار مێدیا و ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپی و ئێلێکترونیکی ئازاد و دێمۆکراتیکەوە بە زەڕڕەبینیش نایان بینێوە. لەم وڵاتەدا هەرکەس بڵێ کە جینایەتی هۆلۆکاوست نەکراوە و ئەوە سازکراوی یەهودییەکانە سزای هەیە، چ بگا بەوەی کە تریبوونیشی لە ئیختیار بنێن. لەم پەیوەندییەدا ڕەستەیەک زۆر بەکار دێنن: Nulltoleranz gegen Nulltoleranz.

ئەم سێ وشەیە بەم واتایە کە تۆلێرانست تەنیا دەبێ لە بەرامبەر کەسێک و لایەنێک هەبێ کە بۆ خۆی تۆلێرانسی لە بەرامبەر جیابیران هەیە. کە وایە ناکرێ مێدیای خۆت بکەیە بڵیندگۆی کەسێک کە باوەڕی بە بوونی ئێوە نییە و تەنیا لە ئامراز و کەرەسەی ئێوە کەڵک وەردەگرێ بۆ لەبین بردن و سووککردنی لایەنی بەرامبەری.

ئەگەر قەرار بێ هەر مێدیایەک بە بێ جیاوازی هەموو بیروڕایەک بڵاو بکاتەوە، ئیتر مێدیاکان چ جیاوازییەکیان لە بواری سیاسییەوە لەگەڵ یەکتر دەبێ؟ ئیتر بۆ قسە لە سەر مێدیای چەپ و ڕاست و لیبراڵ و کۆنزێرواتیڤ دەکردرێ؟

کورت و کرمانجی بڵێم کە پێم باش نییە مێدیایەکی ئازاد ببێتە بەستێن و گۆڕەپانێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نائازادی کەسانێک کە لە حکومەتی ئازادیکوژی ئیسلامی ئێران لایەنگری دەکەن. هۆیەکەشی جگە لەم شتەی لەسەرەوە باسم کرد، ئەوەیە کە لایەنی حکومەتی ئیسلامی بۆ خۆی لە مێدیاکانیدا کە بە پوڵ و پارەی خەڵکی ئێران دەردەچێ، نەتەنیا ئیزن بە کەس نادا کە بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێ، بەڵکوو هەر مێدیایەک کە بیهەوێ ئازاد بێ، درەنگ یا زوو خری دەکاتەوە و پێش چالاکی دەگرێ. کەوایە تەنیا کەسانێک و ئەم لایەنانەی دەبێ مافی وەیان پێ بدرێتێ کە لە تریبونی ئێوەدا قسە بکەن کە پێش قسەکردنی ئێوەش لە مێدیای خۆیان ناگرن. بە کورتی لە دنیای مێدیای ڕاستەقینەی ئازاددا کەسێک مافی دەربڕینی بیروڕای سیاسی پێدەدرێ کە مافی دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی لە کەس زەوت ناکا. کە وایە مێدیای ئازاد مێدیای هەموو کەس و لایەنێک نییە.

17 مای 2008